

٢١٣

**ليستی پارتی ديموكراتی كوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

# پاڵێوراوانی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چییان لە هەگبەدایە؟

لە دوای راپەرینەكەی بەهاری ١٩٩١ و پاشان كشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەكانی حكومەتی عێراق لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە، هەرێمی كوردستان لەسەر ژێرخانی وڵاتێكی كاول و پشتگوێ خراو هەنگاوی بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان هەڵگرت و، ئەم هەنگاوە كە لەسەر پێشنیاری سەرۆك بارزانی بەرەی كوردستانی پەسەندی كرد، بووە بناخە بۆ یەكەمین قەوارەی سیاسیی ئەمری واقیع لە مێژووی نەتەوەكەماندا، لەو كاتەوە هەتا رووخانی رژێمی پێشوو ئەم ئەزموونە دیموكراتیە وێڕای بوونی دووگەمارۆی ئابوری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی توانی هەنگاو بەرەو بوژانەوە و ئاوەدانكردنەوە هەڵبگرێت، ئەوجا لەدوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراقیشەوە و تەرخانكردنی رێژەی ١٧٪ بودجەی عێراق وەك بەشە داهاتی هەرێمی كوردستان، لەبەر ئەوەی لەم هەرێمە پارتی دیموكراتی كوردستان رۆڵی سەرەكی لە حكومڕانی كوردستان دەگێڕا و بە هاوكاری لەگەڵ حزبە هاوپەیمانەكانی لە حكومەتدا، توانرا هەرێمی كوردستان بەگشتی و هەولێر بەتایبەتی ببێتە وەرشەیەكی گەورەی كاركردن و ژێرخانی هەموو خزمەتگوزارییە سەرەكیەكان بەشێوەیەكی زانستی ئەوتۆ رێكبخرێتەوە، كە بۆ ٢٥ ساڵی داهاتوو ئەو خزمەتگوزاریانە كێشەیان نەبێت، بەتایبەتی هەردوو خزمەتگوزاری سەرەكی ئاوی خواردنەوەی پاك و دابینكردنی وزەی كارەبا. كە ئێستا ئەم بارودۆخە سیاسیە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی هەنگاوی گەورەتر بە دامەزراندنی دەوڵەتی كوردستانیشەوە لە ئاییندەیەكی نزیكدا پشت بەخوا لە رێگەی سندوقی ریفراندۆمەوە ببینین.

كەواتە ئەوە بەڵگەیەكی حاشا هەڵنەگرە، كە حكومڕانی هەرێمی كوردستان لەسایەی سەركردایەتی حەكیمانەی سەرۆك بارزانی و رۆڵی كاریگەری پارتی دیموكراتی كوردستان، بۆتە نموونەیەك بۆ حكومڕانی باشی وڵاتانی دوای شەڕ و تەنگژە و رۆژ لەدوای رۆژیش زیاتر گەشە بەخۆیەوە دەبینێت و هاووڵاتیان بەرەو ئاییندەیەكی گەش چاوی لە ئاسۆی ئاییندەی كوردستانە. لە ئێستا هەرێمی كوردستان، لە هەوڵی چەسپاندنی دیموكراسی و پێكەوەژیان و گەشەی پێگەی ئافرەتان لە پرۆسەی سیاسیدایە، نموونەی بەرچاوی ئەو هەوڵانەش دانانی سیستەمی كۆتا و بەرزكردنەوەی رێژەی ئافرەتانی پەرلەمانتار لە پەرلەمانی كوردستان و بەشداری زیاتر و كارامەتریان لە چارتی سەركردایەتی حزب و لایەنە سیاسییەكانی كوردستانە. پارتی دیموكراتی كوردستان، وەك پێشەنگی ئەو هەوڵانە لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانی كوردستان براوەی یەكەم بوو، ئەوەش ئەرك و بەرپرسیارەتی بەرامبەر بە چارەنووسی سیاسی وڵات گەلێك قورستر كردووە. هەر بۆیە تا هەنووكە لە پێناوی پێكهێنانی كابینەیەكی بنكەفراوانی حكومەتدا كە هەموو لایەن و پێكهاتە ئەتنیكی و نەتەوەییەكان لەخۆ بگرێت، لە هەوڵی بەردەوامدایە و دەخوازێ بەرنامەیەكی توكمە پلانڕێژ بكات، كە بتوانێت لەو رێگەوە وەك هەمیشە پێشەنگایەتی وڵاتپارێزی و خزمەتی زیاتری هاونیشتمانانی بكات. لە ئێستاشدا كە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان و ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەئارادایە، پاڵێوراوەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان (بە هەردوو ڕەگەزەوە) تەژی لە خاكەڕایی و بە ئامانجی پیرۆزی وڵاتپارێزی و بەرفراوانكردنی خزمەتگوزاری و مسۆگەركردنی خۆشگوزەرانیی هاونیشتمانان، خوازیاری بەشداری هاووڵاتیانن لە پرۆسەی هەڵبژاردنەكان و متمانە و ئیرادەی جەماوەری هەمیشە ئازیزیش بە دوابڕیاردەر دەزانن. بێگومان متمانەی ئێوەی هاووڵاتییانی خۆشەویست وزەی زیاتریان پێدەبەخشێت بۆ ئەوی خەون و ئاواتەكانتان بێننەدی.لێرەدا ژمارەیەك لە پاڵێوراوەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ هەڵبژاردنەكانی ئەنجوومەنی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان بەرنامە و پلاتفۆرمی خۆیان دەخەنە بەر دیدی خوێنەرانی گۆڤاری گوڵان.

٧٦
لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان



## کردنەوەی سندوقی هاوکاری بۆ ئافرەتانی جیابۆوە و دایکانی بێ هاوسەر

■

## دابینکردنی بیمەی تەندروستی بۆ ئەو دایکانەی تووشی نەخۆشیی سەخت و درێژخایەن دەبن

■

## هەوڵدان بۆ پەسەندکردنی یاسای بەساڵاچووان کە ماف و سەرپەرشتی حەوانەوەیان بۆ دابین دەکات




**نەجیبە عەلی ئەحمەد کاندیدی ژمارە (٣٧) لە لیستی (٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان:**

## ڕێبازی سیاسی پارتەکەمان بەردی بناغەی لەسەر خزمەتکردنی گەلی کورستان لە هەموو بوارەکاندا داناوە




**خانزاد مام وسو دزەیی، کاندیدی ژمارە(١٤) لە لیستی(٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر:**

## هەر کۆمەڵگەیەک بیەوێت لەڕووی کارگێڕی و ئابووریەوە ژێرخانێکی هەبێت و پێشبکەوێت، پێویستی بە بەشداریکردنی ئافرەت لە سیاسەتدا هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش زیاتر لە نیو سەدەیە کاری بۆ پەروەردەی ئافرەتی کارامە و بەشداربوونیان لە سیاسەتدا کردووە

خانزاد مام وسو دزەیی، کاندیدی ژمارە(١٤) لە لیستی (٧٦) ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر، کچی شەهید (مام وسو دزەیی) و دەرچووی زانکۆیە لە بەشی زمانی ئینگلیزی، ئەو لە دەستپێکی قسەکانیدا دەڵێت: «بە لای منەوە مرۆڤ بەرزترین مەخلووقی خواوەندی مەزنە، هەر بۆیە هەموو هەوڵەکانم بەبێ جیاوازی ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی بۆ خزمەتکردنی هەموو پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستان دەبێت».

ئەو کاندیدەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە پێویستی دەزانێت، بە هەموو لایەکەوە هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاك لە کۆمەڵگە بدرێت، بۆ ئەوەی هەر هاونیشتمانییەك(بە هەردوو ڕەگەزەوە) لە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی بپارێزرێن. گوتیشی: «من وەك کاندیدێکی ئافرەت هەوڵدەدەم بە تەواوەتی دژی توندوتیژی بە هەموو جۆرەکانییەوە بوەستم و بۆ ئەم بوارەش پەروەردەی خێزان و قۆناغەکانی خوێندن لە سەرەتاییەوە تا باڵا بە بنەما دادەنێم، لە پاڵ ئەم بابەتەش، دەبێت گرنگی زیاتر بە ڕۆڵ و کاریگەری ئافرەتان لە هەموو جومگەکانی کۆمەڵگەدا بدەین، چونکە هەر کۆمەڵگەیەك بیەوێت لەڕووی کارگێڕی و ئابووریەوە ژێرخانێکی هەبێت و پێشبکەوێت، پێویستی بە



بەشداریکردنی ئافرەت لە سیاسەتدا هەیە. پارتی دیموکراتی کوردستانیش زیاتر لە نیو سەدەیە کاری بۆ پەروەردەی ئافرەتی کارامە و بەشداربوونیان لە سیاسەتدا کردووە«.

خانزاد مام وسو لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا جەختی لەوە کردەوە کە بەربەرەکانێی گەندەڵی ئەرکی سەرەکیی دەبێت و، گوتی: «گەندەڵی لە عێراقدا بۆتە نەریت و کەلتور بۆ کۆمەڵگە و ناسەقامگیری ئابووری و تەنانەت سیاسی و کۆمەڵایەتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بۆیە بە هەموومانەوە دەبێت بە جددی ڕووبەڕووی ببینەوە». گوتیشی: «بۆ ئەوەی رۆحی شەهیدان و ئەنفالکراوان و قوربانیانی ئازادی ئاسوودە بێت و کوردستان نەکەوێتە ژێر کاریگەری داگیرکەران و وڵاتەکەمان لە ڕووی کشتوکاڵ و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی ببووژێتەوە، پێویستە دەنگ بە لیستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بدەین».

زانا تۆفیق بەگ کاندیدی ژمارە (٣١) لە لیستی (٢١٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، کوڕی شەهید تۆفیقی نوری بەگ، لە ئێستادا ئەندامی مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سلێمانییە و وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی کە خاوەن بڕوانامەی دبلۆمی باڵای وڵاتی (بەلجیکا)یە




٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

کاراکردنی هەموو ئەو مادده یاساییانەی سزای بکوژانی ژن دەدەن بە بیانووی کێشەی کۆمەڵایەتی و کاراکردنی یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و پاراستنی ئافرەتی هەڕەشەلێکراو

کردنەوەی ماڵی لاوان لە هەموو شارو شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای هەولێر وەک نەوایەک بۆ لاوان کە هەموو پێداویستی و ئامرازو کەلوپەلەکانی وەرزش و هونەر و هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیریان تێدا بێت

لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەشی زانیارییەکان، ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان خستەڕوو کە ئەزموونی کوردستان بووە بە پێگەی خۆشگوزەرانی و ئاسایشی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراق، ڕاشیوایە «دەنگدان بە لیستی **٢١٣** ی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەنگدانە بە حزبێکی کوردستانی کە بەبێ جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی، ئایینزایی و ناوچەیی بەرگری لە هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەکات».

هاوکات ئەوەشی خستەڕوو کە بە هۆی کارکردنی لە وڵاتانی ئەوروپی توانیویەتی بەشێکی زۆر لە گرفتەکانی پێداویستییە تایبەتەکان چارەسەر بکات و چەندین بڕگەو پەیڕەوی بۆ ئەم پرسە ئامادە،کردووە، گوتیشی: «ئەو ماوەیەی کە لە ئەوروپا و لە وڵاتی بەلجیکا کارم دەکرد، گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە دەتوانرێت سوود لە تواناکانی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان وەك هەموو کەسە ئاساییەکان وەربگیرێت، بە مەرجێك بتوانین ئەو کەسانە لەڕووی پراکتیکی و زانستییەوە شیاندنی تەواویان بۆ بکرێت، بۆیە یەکێك لە کارەکانم هەوڵدان دەبێت بۆ داڕشتنەوەی کۆمەڵێك یاسای گونجاو بۆ بەرزکردنەوەی ئاساتی بژیوی نابینایان و نابیستان و ئۆتیستەکان و سەرجەم خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان».

زانا تۆفیق جەختی لەوەش کردەوە کە «ئەرکێکی زۆر گرنگە هەوڵبدرێت بە یاسایەکی هەموارکراو کێشەکانی ئافرەتانی بەگشتی و نێو شەلتەرەکان بەتایبەتی چارەسەر بکرێ و، بە هەموو شێوەیەك ڕێگری لە دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان بکرێت. گوتیشی: «بەرەوپێشبردنی سیستمەکانی یاسای کار و ئەکتیڤکردنی وەزارەتی کار بۆ دابینکردن و ڕەخساندنی هەلی کار و نەهێشتینی بێکاری بە زیاد کردنی بیمەی بێکاری و دروستکردنی سیستمی بیمەی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای تەمەن و بڕوانامە هەوڵی جددی پێویستە کە لەو بوارەدا هەموو هەوڵەکانم دەدەم، هەروەها کار بۆ ئەوە دەکەم داڕشتنەوەی یاسای خانەنشینی بۆ فەرمانبەران و مامۆستایان کە بە جۆرێك بێت لەگەڵ ستانداردی جیهانی بگونجێ، هەروەها کار بۆ بەرزکردنەوەی ڕێژەی ئافرەتان لە دامودەزگا فەرمییەکان و دروستکردنی فشار لەسەر حکومەت و دەزگاکانی بەڕێوەبردن بۆ چەسپاندنی ئەو یاسایانەی کە ڕەهەندی نیشتمانی و نەتەوەیی تێدایە. لە بەرنامەی کارمدا دەبن».

چنور حەمە حوسێن کاندیدی ژمارە(٥٢) لە لیستی(٧٦) ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە توندوتیژی خێزانی دیاردەیەکی نەشیاوی ناو کۆمەڵگەیە و ڕێگەکانی چارەسەریشی زۆرن، نموونەشی بەوە هێناوە کە «هەموو توێژینەوەکان دەریانخستووە، ئەگەر ئافرەت خاوەنی داهاتێکی سەربەخۆ بێت، کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە»، گوتیشی: «پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی زۆری داوە





عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافەکانی ئافرەتان جێگیر بکات و، داهاتی تاك بە هەردوو ڕەگەزەوە زیاد بکات بۆیە منیش وەك کادیرێکی حزبەکەم هەموو هەوڵەکانم لەو بوارەدا دەخەمەگەڕ، زۆریش پێویستە ئافرەتانی ئێمە زۆرتر لە بواری سیاسیدا کار بکەن، چونکە بەشداری ئافرەت لە پرۆسەی سیاسی گەندەڵی کەمتر دەکاتەوە، ئەمەش بە بەڵگە دەرکەوتووە، وڵاتانی وەك کۆستاریکا و نەیجیریا بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی سوودی زۆریان لە تواناکانی ئافرەت وەرگرتووە».

چنور حەمە حوسێن ئەوەش دەخاتەڕوو کە پێویستە حکومەت کار بۆ کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان چینەکان بکات و گرنگی بەهەموو ئەو چین و توێژانە بدات کە ئاستی ئابوورییان نزمە و هەوڵبدات ئاستی داهاتیان زیاتر بکات، هەروەها پێویستە حکومەت زیاتر گرنگی بە گەنجان بدات و سوود لە توانا شاراوەکانیان وەربگرێت، چونکە گەنج سەرچاوەی داهێنانە و پێویستیشە خەمی حکومەت ئەوە بێت کە گەنجی بەتوانا بەرهەم بهێنێت، کە بێگومان هەر ئەو گەنجانە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە وزەیەکی بەهێز دەبن».

پێشنیاری ئەوەشی کرد

«وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی گرنگی زیاتر بە کردنەوەی سەنتەرەکانی پێگەیاندنی گەنجان بدات و ساڵانە ڕووپێوێکی تایبەت بۆ بەدواداچوونی بێکاری گەنجان ئامادە بکات، حکومەتیش هەوڵبدات جیاوازیی نێوان کەرتی گشتی کەرتی تایبەت کەم بکاتەوە، ئیمتیازاتی یەکسانیان بۆ


٧٦

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان

دانانی سندوقی پشتگیریکردنی هاوسەرێتی بۆ لاوان لە ڕێگەی پێدانی قەرزەوە

دۆزینەوەی دەرفەتی راستەقینەی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری

٢١٣

لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان
بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق




## زانا تۆفیق بەگ کاندیدی ژمارە (٣١) لە لیستی(٢١٣)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق:

**دەنگدان بە لیستی ٢١٣ ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەنگدانە بە حزبێکی کوردستانی کە بەبێ جیاوازی نەتەوەیی، ئایینی، ئایینزایی و ناوچەیی بەرگری لە هەموو پێکهاتەکانی عێراق دەکات**



## چنور حەمە حوسێن کاندیدی ژمارە(٥٢) لە لیستی(٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی:

**پارتی دیموکراتی کوردستان هەوڵی زۆری داوە عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافەکانی ئافرەتان بچەسپێنێ و داهاتی تاک بە هەردوو ڕەگەزەوە زیاد بکات، منیش وەک کادیرێکی حزبەکەم هەموو هەوڵەکانم لەو بوارەدا دەخەمەگەڕ**



دابنێت، بۆ ئەوەی گەنجان بۆ کارکردن و دابینکردنی بژێوی ژیانیان ڕوو لە کەرتی تایبەتیش کاربکەن».

کاندیدی ژمارە(٥٢) لە لیستی(٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە کۆتایی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «دەنگدان بە لیستەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئارامیی و سەقامگیری و پێکەوەژیانی ئاشتەوایی و ژیانی فرەحزبی و دیموکراسی و کۆدەنگی گشتی لێدەکەوێتەوە«. گوتیشی:»پارتیمان پێکەوەژیانی هاوبەش و ئاشتەوایی بۆ هەموو کوردستان و عێراق دەوێ، لە پێناو یەکڕیزی گەلی کوردستانیشدا هەمیشە قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی داوە، بۆیە داواکارم هاووڵاتیانی خۆشەویست بە هەموو پێکهاتەکانی نەتەوەیی و تائیفی و ئایینییەوە دەنگی بە لیستەکانی پارتی بدەن، کە پارێزەری شکۆی هەموو هاووڵاتی و هاونیشتمانییەکە».

لەلای خۆیەوە نەجیبە عەلی ئەحمەد کاندیدی ژمارە(٣٧) لە لیستی(٧٦)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، دڵخۆشی خۆی لەوە دەردەبڕێت کە «ئافرەتانی پەروەردەی ڕێبازی بارزانی نەمر شانبەشانی پیاوان دەتوانن نوێنەرایەتی میللەتی خۆیان بکەن»، سەبارەت بە کاندیدکردنی خۆیشی وەك کاندیدی سنووری سۆران بۆ

٧٦

**لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان**




هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت: «ڕێبازی سیاسی پارتەکەمان بەردی بناغەی لەسەر خزمەتکردنی گەلی کورستان لە هەموو بوارەکاندا داناوە، منیش لە ئێستادا گەر هاوولاتیانی خۆشەویستم متمانەم پێبکەن و دەنگم پێبدەن، هەموو هەوڵەکانم لەوەدا چڕ دەکەمەوە کە لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگاوە خزمەت بەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بکەم، هەروەها خزمەتکردن لەبواری کاراکردن و جێبەجێکردنی پڕۆژە ستراتیژییەکان لەتێکڕای ناحیە و قەزاکان ڕەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و لە سەرووی هەموویانەوە بۆ ئافرەتان و باشترکردنی سیستەمی پەروەردە و خوێندن، بە ئەولەوییەتی هەوڵەکان دەزانم».

نەجیبە عەلی لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە لە کاتی سەردانەکانیان بۆ ناو جەماوەر، ئەوەیان درکاندووە کە ئافرەت لە دامودەزگاکاندا و لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکی رۆژانەیدا زۆر دڵسۆز بووە و کارەکانی بە ڕێکوپێکی ئەنجام داوە، بەڵێنی ئەوەشیان داوە کە لەمەودوا دەنگ بە ئافرەتان بدەن، گوتیشی: «دڵسۆزی و کارامەیی ئافرەتان لەکارکردندا متمانەی بە حزبەکەم دا، ڕێگە بۆ ئێمەی ئافرەتان والاتر بکات، منیش بە جەماوەر و حزبەکەم دەڵێم دەنگ و متمانەی ئێوە هەلێکە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەتی هاووڵاتیانم بکەم».

## دانانی مەرج بۆ هێنانی کرێکاری بیانی تا دەرفەت بۆ کرێکاری خۆماڵی زیاتر بێت، هەروەها دانانی مەرج لەسەر کۆمپانیا بیانییەکان تا کار بەلاوانی خۆمان بدەن

## دروستکردنی دایەنگە لە قوتابخانە و فەرمانگەکانی پارێزگای هەولێردا وەک هاوکارییەک بۆ دایکانی فەرمانبەر و مامۆستا